# ڕێبەری:

# هۆشیاری دەنگدەران

شانیا محەمەد



سەرچاوەیەک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانی-عێراق

هەرێمی کوردستان–عێراق

ناوی ڕێبەر: هۆشیاری دەنگدەران

بابەت: هۆشیاری

ناوی نووسەر: شانیا محەمەد

شوێن: سلێمانی

ساڵ:٢٠٢٣

# ناوەڕۆک

## پێشـەکـی:

## بەشی یەکەم: پرۆسەی هەڵبژاردن


١- ئاشنابوون بە چەمکی دیموکراسی

٢- هەڵبژاردن چییە؟

٣- یاساکانی پرۆسەی هەڵبژاردن

٤- قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن

٥- سیستمی هەڵبژاردن (ڕەگەز-جۆر)

٦- پێوەرەکانی پاک و بێگەردی پرۆسەی هەڵبژاردن


## بەشی دووەم: دەروازەیەک بۆ هۆشیاری دەنگدەران


١- دەنگدەر کێیە ؟

٢- ئایا دەنگدان مافە؟

٣- ئایا دەنگدان ئەرکە؟

٤- تۆماری دەنگدەران

٥- کارتی بایۆمەتری

٦- ئامێری ئەلیکترۆنی دەنگدان

٧- ڕێنمایی پڕکردنەوەی کاغەزی دەنگدان

٨- گرینیگی و بەهای دەنگی دەنگدەر

٩- ئازادی دەنگدەر لە بڕیارداندا

١٠- دەنگدەر وەک چاودێر بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەوە

١١- هۆشیاری دەنگدەر سەبارەت بە پاڵێوراو ن و پارتەکان لە کاتی بانگەشەدا

١٢- ئەو ڕێکارییانەی کە پێویستە بە مافی دەنگدەر


## لیستی سەرچاوەکان

## پێشەکی:

لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە پێنج خولی پەرلەمان و گشتپرسیدا، هێشتا هۆشیاریی دەنگدەران و کۆی هۆشیاری پرۆسەی هەڵبژاردن نەگەیشتۆتە ئاستێکی باش. لە کاتێکدا لە زۆربەی دەوڵەتاندا هۆشیاری دەنگدەران بە ئاستێکی بەهێزدا تێپەڕیووە. بەڵام لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا هۆشیاریی دەنگدەر گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر لاواز کە لە هەڵبژاردنی پێشووەختەی پەرلەمانی عێراقدا ڕێژەی بایکۆتی دەنگدەران گەیشت بووە نزیکەی ٥٩٪، بوونی ئەو ڕێژە زۆرە بۆمان ڕووندەکاتەوە هۆشیاری دەنگدەر پێویستییەکی بنەڕەتی کۆمەڵگاکەمانە و پێویستە هاوڵاتی زیاتر هۆشیار ببێتەوە، ئامانجی سەرەکیمان لە نووسینی( ڕێبەری هۆشیاری دەنگدەران)، بۆ گشت هاوڵاتیەکی هەرێم تاوەکو ئاستی هۆشیاری بەرزببێتەوە و ببێتە هاندانێک هەتاوەکو ڕوو لە سندوقەکانی دەنگدان بکەن و دەنگی خۆیان بگەیەنن: لە کۆمەڵگاکەماندا چەندین چین و توێژمان هەن کە بریتییە لە: (منداڵ، گەنج، بەساڵاچوو ، کرێکار، دکتۆر، خاوەن پێداویستی تایبەت، ڕۆژنامەنووس، مامۆستا،هیتر...)کە بەشێکیان نەخوێندەوارن و بەشێکیان متمانەیان بە پرۆسەکە نەماوەو و بەشێکی دیکەش هۆشیاری تەواوەتی پێنەگەیشتووە، لەو ڕێبەرییەدا هەوڵمان داوە بە زمانێکی ئاسان و پاراو گشت ئەو چەمک و دەروازانە بەرەوڕووی خوێنەران بکەینەوە هەتاوەکو زۆرترین کەس لە پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن، ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی بەشداری سیاسی و فراوان بوونی فەرهەنگی دیموکراسی.

## بەشی یەکەم: پرۆسەی هەڵبژاردن

یەکێکە لەو پرۆسە بە بایەخەکانی نێو کایەی سیاسی و حکومەتەکاندا ،گەل دەبێتە خاوەن ئییرادە، وە بۆ ئاشنابوون بە تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردن چەندین چەمک و باسدا ڕوونیدەکەینەوە شیکاریان بۆ دەکەین.لە یەکەمین باسدا بریتییە لە: ئاشنابوون بە چەمکی دیموکراسی

وشەی دیموکراسی لەهەردوو وشەی یۆنانی کۆنەوە هاتووە، یەکەم "دیمۆس" بە واتای مرۆڤەکان و "کراتۆس" بە واتای دەسەڵات دێت، بۆیە دەتوانرێت دیموکراسی وەک "دەسەڵات گەل " بیری لێبکرێتەوە،کە شێوازێکی حوکمڕانییە بەندە بە ئیرادەی خەڵکەوە.

دیموکراسی لەسەر بنەمای ئیرادەی ئازاد،بۆ دەربڕینی گەل و دیاریکردنی (سیستەمی سیاسی، سیستەمی ئابووری، سیستەمی کۆمەاڵیەتی و سیستەمی کولتووری). خۆیان بەشداری تەواویان لە هەموو لایەنەکانی ژیانیاندا دامەزراوە، تەنها پشت نابەستێ بەوەی پێیبگوترێ حکومەتی زۆرینە بەڵکو ماف بە گشت پێکهاتە جیاوازەکان دەدات لە کۆمەڵگاکاندا. یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی دیموکراسی بریتیە لە بەڕێوەچوونی( هەڵبژاردنی خولی ). ئازاد و دادپەروەرانە بە مافی دەنگدانی گشتگیر و بە دەنگدانی نهێنی وەک دەربڕینی ئیرادەی گەل . وە هۆکاری ئەوەی کە هەڵبژاردن یەکێک بێت لە بنەماکانی دیموکراسی ئەوا ئەو بنەمای ئێرادەی و ئازادانەی گەلە لە حکومەتێکی دیموکراسیدا.



## ٢- هەڵبژاردن چییە؟

هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسییە کە تیایدا دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بەڕێوەدەچێت، هاوڵاتی مومارەسەی مافی خۆی بە بەشداری سیاسی دەکات، بە دیارکردنی ئەو پارت و کاندیدەی کە هەڵیدەبژێرت، بۆ ماوەی چەند ساڵێک متمانە دەبەخشێت پێیان و دەشتوانێت متمانە وەربگرێتەوە لە کاندید و پارتەکان بۆ خولەکانی داهاتوودا.



## ٣- یاساکانی پرۆسەی هەڵبژاردن

ئەو یاسایانەی کە تایبەتن بە پرۆسەی هەڵبژاردن، بریتین لە(یاسای هەڵبژاردن، یاسای کۆمسیۆن، یاسای پارتەکان). یاساکان پێویستییەکی کۆمەڵگان لە ڕووی ماف و ڕۆڵی هاوڵاتیانەوە لە دەوڵەتێک بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازن، هەر دەوڵەتێک بە پێی ئەو دەستوورو یاساییە کە تایبەتە بە هەڵبژاردن، پرۆسەکە بەڕێوە دەبات، گرینگی هۆشیاری یاسای خۆی دەبنێتەوە لە گشت جێبەجێکارانی پرۆسەی هەڵبژاردن وەک ( کۆمسیۆن، دەنگدەر، پاڵێوراو، پارت، چاودێرانی پرۆسەکە هیتد..). یاسای هەڵبژاردن سەرجەم ئەو خاڵانەی کە ناڕوون لای هاوڵاتیان ڕووندەکاتەوە.بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان یش یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢هەیە، کە ماددەکان بریتین: لە ماددەی شەشەم هەتاوەکو سی و هەشتەمدا، کە سەرجەم ئەو ڕێکخستانەی تایبەتن بە کۆمسیۆن و پاڵێوراو، پارت ، ناوچەکانی هەڵبژاردن و وادەی دیاری کردنی ڕۆژی هەڵبژاردن و تۆماری دەنگدەران هیتر... ڕوونکراوەتەوە، ئەرک و ڕۆڵەکان دیاری کراون بەسەر گشتیان.



## ٤- قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن

پرۆســەی هەڵبژاردن دابەش دەبێت بۆ ســێ قۆناغ هەر قۆناغێک تایبەتمەندی و گرینگی خۆی هەیە لە ناو پرۆسەکەدا، هەر یەکێکیان وەک ئامرازێک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد دیارکراوە.

### قۆناغی یەکەم: ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن

.

بریتییە لەو قۆناغەی کە ڕۆژی هەڵبژاردن لەلایەن ســـــــــەرۆکی دەوڵەتەوە دیاری دەکرێت پێش وادەی تەواو بوونی خولی پەرلەمان، دواتر ئامادەکارییەکان لەلایەن سەرپەرشتیارانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەست پێدەکات، وەک ڕێکخســــتنی تۆماری دەنگدەران،ڕێکارەکان و ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن پێداویســــتییە لۆجســــتی و هونەری و تەکنەلۆژییەکان دەستەبەر دەکرێن بە پێی سەرجەم ئەو ڕێکارییانەی لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەردەکرێت

### قۆناغی دووەم -:ئەنجامدانی ڕۆژی هەڵبژاردن

بریتییە لەو ڕۆژەی کە گشــــت ئامادەکارییەکان دەخرێنە بواری جێبەجێکردن لەو ڕۆژەدا دەنگدەران دەڕۆن بۆ بنکەکانی دەنگدان، ســـــــەرەتا هۆبەکان ناو و پەنجە مۆری خۆیان لە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان دەدۆزنەوە، دواتر بەرەو ســــــــــــــــندوقی دەنگدان و لیستێک دێتە پێشیان سەرجەم پارت و کاندیدەکان تۆمارکراونی تێدایە و دەتواندرێت دەنگ بە پارت و کاندیدە دڵخوازەکەیان بدەن، دواتریش لیســــــــــتە پڕکراوەکە بخرێتە ناوسندقی دەنگدان.

### قۆناغی سێیەم: دوای کۆتای هاتنی ڕۆژی دیاریکراوی دەنگدان

بریتییە لەو دەســـتپێکەی کە دەنگەکان جیاکردنەوەیان بۆ دەکرێت و لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەنجامی بەرایی بڵاودەکرێتەوە، وە لە پاڵ ئەوەشدا سـەرجەم پارت و پاڵێوراوە ســەربەخۆکان دەتوانن تانە و ســـکاڵاکانیان تۆماربکەن و لەگەڵ ئەوەش کۆمســــــیۆن ڕاپۆرتی سەرجەم چاودێرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان وەردەگرێت و دوای هەموو ئەوانە، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان ڕادەگەیەندرێت.

## ٦- پێوەرەکانی پاک و بێگەردی پرۆسەی هەڵبژاردن

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی تەواوی پرۆسەکە و دووبارە متمانەبەخشـــــینەوە بریتییە لە: پاک و بێگەردبوونی پرۆسەکە بۆ ئەو مەبەســــــتەش چەندین خاڵ دیاری کراوە کە ببنە پێوەر بۆ پاک و بێگەردی هەڵبژاردن ئەوانیش بریتیین لە:

-گشـــــتیبوونی دەنگدان
- نهێنیبوونـــــی دەنگدان
- کەســــیبوونی هەڵبژاردن
- یەکســـــانی لە دەنگدان
- چاودیری کردنی دەنگدان

- گرەنتی پارســـــتنی بنکەکانی دەنگدان لە هەر دەســـــتێوەردانێکی حزبی یا دامەزراوەیی لە پێناو دروســــــتکردنی کاریگەری لەســــــەر ڕای دەنگدەر.

- گرەنتی پارستنی ئاسایشی بنکەکانی هەلبژاردن لە هەر توندوتیژیەك یا تێكدانی پرۆسەی هەلبژاردن .

- هەروەها هەلبژاردنی دیموکراســــــــــــــی و روون پاك و بێگەرد لە هەژماری دەنگەکان و ئاشکراکردنی دەرئەنجامەکان.



## بەشی دووەم: دەروازەیەک بۆ هۆشیاری دەنگدەران

لەو بەشەدا گرینگی زیاتر دەدەین بە هۆشیاری دەنگدەران هەتاوەکو زیاتر ئاشنابین بە مافە و ڕۆڵەکانیان، وە بۆ ئەوەی بەشداری سیاسیان هەبێت و دەنگەکانیان بە بەها و بایخەوە سەیربکەن لەتەواوی پرۆسەی هەڵبژاردندا سەرەتاش بەوە دەستپێدەکەین:

### -دەنگدەر کێیە؟

دەنگدەر بریتییە لەو هاوڵاتیانەی کە گشت مەرجە یاساییەکانیان تێدایە، کە یاسای هەڵبژاردنی ئەو دەوڵەتە دیاری دەکات لە بەشداریکردنت ئەو هاوڵاتییە وە دەنگدەر مومارەسەی مافە مەدەنی و یاساییانەیدا دەکات بۆ بەشداریکردن لە کایەی سیاسیدا، بۆ ئەو مەبەستەش وەڵاتان کۆمەڵێک مەرجی یاسا ییان خستۆتە بەردەم هاوڵاتیان ، بۆ نموونەبە پێی یاسای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی بەشی پێنجەم، مەرجەکانی دەنگدەر بریتیین لە:

١- هاوڵاتی هەرێمی کوردستان بێت

٢- ١٨ ساڵی تەواو کردبێت.

٣- ئەهلیەتی تەواو بێت.

٤- ناوی لە تۆماری دەنگدەران هەبێت.



## ٢- ئایا دەنگدان مافە؟

مافی دەنگدان بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک مافێکی بنەڕەتی مرۆڤ ناسراوە، دەوڵەت دەیبەخشێت بە هاوڵاتیان و دانیشتووانی وڵاتەکەی بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان، لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراسیدا، دەنگدەرانی خاوەن ماف دەتوانن لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکان دا دەنگبدەن لەگەڵ ئەو کێشانەی بە گشتپرسی چارەسەر دەکرێت، کاتێکیش مافی دەنگدان دەدرێت بە هاوڵاتیان کە دەگەنە تەمەنی یاسایی دەنگدان بۆ نمونە لە (هەرێمی کوردستان تەمەنی یاسایی ١٨ساڵە)وە تەمەنی یاسایی دەنگدان بەندە لەسەر بڕیاری دەستووری یاسای دەوڵەت و حکومەتەکان. لە هەندێک وڵات دا دانیشتوانی وڵاتەکەی دەتوانن دەنگ بدەن کە خاوەنی ڕەگەزنامە نیین بەڵام لە هەندێک وڵاتی دیکە دانیشتووی بێ ڕەگەزنامە مافی دەنگدانیان نییە وە،

بە پێی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، لەلایەن کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٤٨دا، دەرچووە لە مادەی بیست و یەکەمدا هاتوو :

"هەرکەسێک مافی ئەوەی هەیە بەشداری لە حکومەتی وڵاتەکەیدا بکات، ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی نوێنەری هەڵبژێردراوی ئازادەوە، ویستی گەل دەبێتە بنەمای دەسەڵاتی حکومڕانی، ئەم ویستە لە هەڵبژاردنی خولیی و ڕاستەقینەدا دەردەکەوێت کە مافی دەنگدانی گشتگیر و یەکسان دەبێت و بە دەنگی نهێنی یان بە ڕێککاری دەنگدانی ئازادی هاوتا ئەنجام دەدرێت".



## ٣- ئایا دەنگدان ئەرکە؟

بەشێک پێیان وایە دەنگدان ئەرکێکی نیشتیمانییە و لە بەرامبەر ئەو مافەی کە هەیە سوودی لێوەربگیرێت, و بەشێکی دیکە پێیان وایە دەنگدان ئەرک نیە، هاوڵاتی ئازادە لە بەکارهێنانی ئەو مافەی کە هەیەتی و ئازاد لە بەشداریکردن و نەکردنی دەنگداندا.

بەڵام بۆ ئەو مەبەستە دەڵەتان بە پێی یاسا ڕێکخستیان بۆ کردووە، دەنگدان ببێت بە ئەرک یاخود تەنها وەک مافێک بمێنێتەوە، چەند وڵاتێک بە بەکارهێنانی دەنگدانی ناچاری باس لە پرسی بەشداریکردن دەکەن، لەوانە ئوستراليا، بەلجیکا، یۆنان و زۆرێک لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین. بەڵام زۆرێک لە وڵاتانی دیکە، وەک عێراق و هەرێمی کوردستان دەنگدان لەسەر بنەمای ناچاری ڕەتدەکەنەوە.



## ٤- تۆماری دەنگدەران

ئەو تۆمارەیە لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان،ناوی تەواوی دەنگدەرانی تێدا تۆمار دەکرێت ، جا تۆمارەکە کاغەزی بێت یا ئیلکترۆنی، لە تۆمارەکەدا گشت ڕێکخستنێک بۆ دەنگدەران بە پێی (ڕەگەز و شوێنی جوگرافیا و بنەکەکان) ڕێکدەخرێن.

هەروەها، دەنگدەری نوێ تۆمار دەکرێن و ناوی مردووانیش دەسڕدرێتەوە، لە ڕۆژی دیاریکراو ی دەنگدان ( تۆماری دەنگدەران) وەک لیستێک دەدرێن بە کارمەندانی چاودێر لە بنکەکان و بەهۆیەوە دەنگدەر ناوی خۆی لەو تۆمارەوە دەدۆزێتەوە و مافی پێدەدریت دەنگبدات.



## ٥- کارتی بایۆمەتری دەنگدان چییە؟

بریتییە لەو سیستەمە نوێیەی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە داهێنراوە. بە بێ بوونی کارتی بایۆمەتری مافی دەنگدان و ناوت لە تۆماری دەنگدەران نابێت، مەرجی دەرهێنانی کارتەکە پەیوەستە بە مەرجە یاساییەکان بۆ هەر هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستان،
کارتی دەنگدانکەت ناوی بنکەی دەنگدانی تۆی لەسەرە، بەدەر لە دوو حاڵەت کەبریتین لە ئاوارەی ناوخۆ بیت و لە کامپ نیشتەجێیت، یان ئاوارەی ناوخۆ بیت و بنکەی دەنگدانەکەت شوێنێک بێت لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.
بەڵگەنامە پێویستیەکانی دەرهێنانی کارتی بایۆمەتری بریتین لە:

١- کارتی نیشتیمانی یاخود پێناسەی باری شارستانی.

٢- فۆرمی خۆراک.

٣- کارتی زانیاری.



## ٦- ئامێری ئیلکترۆنی دەنگدان

ئامێرێکی نوێی دەنگدانە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی٢٠١٨ بە فەرمی کاراکرا و دەرئەنجامی باشی لێکەوتەوە، مەبەستی سەرەکی لە بەکارهێنانی ئەو ئامێرە ئیلکترۆنیە، ڕێگریکردنە لە ساختەکار، دەستکەوتنی داتا بە خێرایی، پارێزراوی کاغەزی دەنگدەران، پاک وپێگەردی کۆی پرۆسەکە .




بەکارهێنانی ئامێرە ئیلکترۆنیە بەو شێوەییە:

سەرەتا دەبێت دەنگدەر کارتی بایۆمەتری، پێشانی کارمەندی دەنگدان بدات بۆ ئەوەی پشکنینی بۆ بکات لەڕێگەی ئامێری ئیلکترۆنیەوە، دواتر پەنجە مۆری دەنگدەر وەردەگیرێت، لەڕێگەی پەنجە گەورەی چەپەوە، دواتر بارکۆدی کاغەزی دەنگدان لەالیەن ئامێرەکەوە دەخوێندرێتەوە و دەبێت لە تۆماری سەر کاغەزەکە دەنگدەر پەنجە مۆر یاخود ئیمزا بکات. دواتر دەنگدەر کاغەزی دەنگدان دەباتە نێو کابینەی دەنگدانەوە و لەڕێگەی قەڵەمی مۆری ئامازەوە، دەنگ دەدەیت و دوای دەنگدانەکەش، پەنجەی شایەتمان مۆر بکەیت و دواجار کاغەزی دەنگدانەکە لەڕێگەی سکانەوە دەخەیتە نێو سندوقی دەنگدان.

## ٧- ڕێنمایی پڕکردنەوەی کاغەزی دەنگدان

پڕکردنەوەی کاغەزی دەنگدان دەبێت ،دەنگدەر زۆر بە وریاییانەوە کاغەزەکە پڕ بکاتەوە و هەڵەی تێدا نەکات، هەڵەکردن تێیدا دەنگەدانەکە پوچەڵ دەکاتەوە، بۆیە شێوازەکانی فۆڕمی دەنگدان دەگۆڕدرێت بە پێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ و گۆڕینی یاسای هەڵبژاردنەکان و بازنەکان هەموو ئەوانە گۆڕانکاری بەسەر فۆڕمەکەدا دێنێت بۆ نموونە، ئەگەر هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی فرەبازنەیی بوو ئەوا پڕکردنەوەی کاغەزەی دەنگدان بریتییە لەوەی: تەنها ژمارەکان لەسەر کاغەزەکە هەیە، دەنگدەر سەرەتا پارێزگاکە دیاریدەکات، دواتر بازنەکە هەڵدەبژێرێت لەناو بازنەکە ژمارەی ئەو کاندیدە دیاردەکات کە دەنگی پێدەدات، ئەگەر هاتوو لە بازنەکە یان لە ژمارەی کاندیدەکەدا هەڵە بکەیت ئەوا دەنگەکەت بۆ کاندیدێکی دیکە دەبێت.




## ٨- گرینگی و بەهای دەنگی دەنگدەران

بە شێوەیەکی گشتی هەموو دەنگدەرێک دەتوانێت بە دەنگەکەی متمانە بە کۆی ئەنجوومەنی نوێنەران، یان ئەنجوومەنی پارێزگاکان بدات و هەر بە دەنگی دەنگدەریش متمانە وەربگرێتەوە، بۆیە گرنگی بەشداری هەڵبژاردنەکان گرنگی هۆشیاری دەستەبژێرە لە ڕێگەی کاریگەری دەنگی هەڵبژاردن.

## ٩- ئازادی دەنگدەر لە بڕیارداندا

ئازادی یەکێکە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، بەتایبەت لە بەشداری سیاسیدا بۆیە چەند خاڵێک بۆ ئازادی و مومارەسەی ئازادی تاکەکان لە بڕیاردا ندا بە لیست و پاڵێوراوەکان دەخەینەڕوو

١- دەنگدەر ئازادە لەوەی دەنگ بە کام پارت و پاڵێوراو بدات، بێ ئەوەی لە ژێر فشاردا بێت

٢- دەنگدەر ئازادە بە بایکۆت کردن و بایکۆتنەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن

٣- دەنگدەر نابێت لە ژێر هیچ فشارێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا دەنگ بدات.

٤- دەنگدەر ئازادە بانگەشە بۆ کاندید و پارتە دڵخوازەکەی بکات لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکاندا

٥- دنگدەر ئازادە لە ئاشکراکردنی لیستی دەنگەکەی دوای تەواوکردنی ڕۆژی دەنگدان و بە نهێنی نەیهێڵێتەوە بەڵام دەشتوانێت ئازاد بێ لەوەی کە ئاشکرای نەکات .

٦- دەنگدەر ئازادە چ جۆرە پۆشاکێک بپۆشێت بۆ بنەکەکان لە ڕۆژی دەنگدان.



## ١٠- دەنگدەر چاودێرە بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن

بە گشتی یاسا و ڕێساکانی هەڵبژاردن بۆ بەڕێوەبردنی پاک و بێگەردی پرۆسەکە چەندین چاودێر دانراوە یەکێک لە چاودێران خودی دەنگدەران خۆیانن، دەتوانن ببنە چاودێر بەسەر بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن بە پێی یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ بە پێی ڕێکارەکانی کۆمسیۆن لایەنەکانی چاودێر دیاری کراوە، دەنگدەریش بە بەشێکە لە چاودێران دادەندرێت، بە ئامانجی ئەوەی دەنگدەر ببێت بە ڕێگریەک لە ساختەکاری، دۆزینەوەی کێشە و ناڕێکیەکان، هەڵسەنگاندن بۆ کوالیتی هەڵبژاردنەکان و بەرزکردنەوەی متمانە بە ڕێکارەکان و ئەنجامەکان، وە ڕاسپاردە لەسەر باشترکردنی ڕێکارەکان پێشکەش بکەن وەک ئامادەکارییەک بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو .

## ١١- هۆشیاری دەنگدەر سەبارەت بە پاڵێوراو پارتەکان لە کاتی بانگەشەی لە هەڵبژاردندا

.

بە پێی یاسای دەوڵەت کۆمەڵێک مەرجی یاسایی و دەستووری بۆ پاڵێوراو و پارتەکان دادەندرێت، پێویستە پابەندی یاساکان بن بۆ نموونە مەرجەکانی پاڵێوراو بە یاسای ژمارە ( ١ ) ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق: لە(ماددەی بیست و یەك)ی یاساکەدا بەم شێوەیە هاتووە:

١- هاوڵاتی کوردستان – عێراق بێت و، لێی نیشتەجێ بێت.

٢- ئەهلیەتی تەواو بێت گەیشتبێتە تەمەنی بیست و پێنج ساڵ.

٣- خوێندن و نوسین بزانێت.

٤- بەجۆرە تاوانێك سزانەدرابێ کە لە رەوشت و ئادابی گشتی و دەستپاکیالیدا بێت

٥- بەتاوانی کوشتنی ئەنقەست و دزی سزا نەدرابێ.

٦- بەشداری ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی نەکردبێ کە دەسەلاتی سەرکوتکاری لە کوردستاندا پالنی بۆ دانابێت یان ئەنجامی دابێت.

بۆ ئەوەی دەنگدەر، دەنگەکەی بە کەسی شایستە بدات، پێویستە زانیاری تەواوەتی لەسەر ئەو پاڵێوراوە جا سەربەخۆ بیت یاخود لەسەر پارت خۆی پالاوتبێت، کۆبکاتەوە و بە تەواوەتی خۆی دڵنیابکاتەوە لەوەی ئەو کەسە خزمەت بە خەڵک و نیشتیمانەکەی دەکات و دەرچوونی ببێتە ئامرازێک بۆ خزمەتی گشتی, بە هەمان

شێواز سەبارەت بە پارتەکانیش، ئەگەر بێت و پارتەکە لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتریش بەشداری کردبێت و لە حکومەتدا دەسەڵاتی هەبێت ئاوا پێوەر بۆ هەڵبژاردنی دووبارەی، تەنها کارو خزمەتەکانی بۆ کۆمەڵگا دەست نیشان دەکات




کاندیدە سەربەخۆکان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق٢٠٢١

## ١٢- ئەو ڕێکارییانەی کە پەیوەستە بە مافی دەنگدەران

پێویستە بەڕێوەبەرانی پرۆسەی هەڵبژاردن کۆمەڵێک دڵنیایی و ڕێکاری فەراهەم بکات بۆ دەنگدەرانی لە رۆژی دەنگداندا ئەوانیش بریتین لە( نهێنی دەنگدان، ئاسایش و ئارامی گشتی بنکەی دەنگدان، پارێزراوی لیستی دەنگدەران، نەفەوتانی دەنگی دەنگدەر لە ڕووی کێشەی تەکنەلۆژییەوە، پاراستنی گیانی هاوڵاتیان لە بنکەکانی دەنگدان، دابین کردنی گشت پێداویستی و ڕێکارییەکانی کەپێویست بن بۆ پرۆسەکە).



## لیستی سەرچاوەکان ئینتەرنێت:


١- نحن والقانون، د. نادر عبد العزيز شافي، ٢٠١٢، شرف تطحية وقاء.

٢- الوعي الانتخابي، عباس الصباغ،٢٥/٩/٢٠٢٢، وكالة نون الخبرية.

٣-الوعي الانتخابي.. ضرورة للتصحيح، سلام الطائي- صباح الطالقاني،
٤/٤/٢٠١٨،الامانة العامة.

٤-الوعي القانوني يشكل حصانة لدولة القانون، زهير كاظم عبود،
٥/٧/٢٠٢١، وكالة الانباء العراقية.

٥- نسبة المشاركة تبلغ ٤١٪ في الانتخابات التشريعية العراقية،
١١/١٠/٢٠٢٢، فرانس ٢٤.

٦-إعتماد المراقبين، المفوطية الوطنية العليا النتخابات

٧-أهمية المشاركة الإنتخابية،٢٠١٤،ممهد البحرين للتنمية السياسية.

8- Manual for Human Rights ducation with Young people,
Kofi Annan, COUNCIL OF EUROPE PORTAL

9- About democracy and human rights، UNITED
NATIONSHUMAN RIGHTSOFFICE OF THE HIGH
COMMISSIONER

10 - Voter Registration, Electoral Circle-Responsibility
of All Partners, Workshop, UNAMI

